


# تارماییەکانی ڕابوردوو

**ستار قادر فەرەج**
**(سلێمانی)**

ئەو شوێنەی کە سیرۆزی سیاڕۆژی تێدا حەپس کرا بوو، بە ئەشکەوتێکی فەرامۆشکراوی لاچەپەک و سامناک دەچوو، نەک زیندان، زیندانێک دیوارەکانی لە کۆنیدا لەبری قسڵ کەڕوویەکی خەست نێوان چینەبەردەکانی داپۆشیبوو. هەموو هۆدەکانی زیندانەکە قورساییەکی قووڵیان لە بێدەنگیدا هەڵگرتبوو، ئاخر بێدەنگی بۆ زیندانی، سەرچاوەی هەموو بوونێکەو دنیاکەی لە بێدەنگییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە بێدەنگی حاڵەتێکی بنەڕەتیی بوونیەتی.

دیوارە درزبردووەکان، ئەو درزە باریکانە وەک دەماری وشکەوەبوو لە دیوارەکانەوە بەسەر زەوییەکەدا دەخزان بە هەمڕای دەنگی هەناسەی زیندانیانیش وەک ئەوە بوو کە لە جیهانێکی نامۆ و دوورەدەستەوە بێت، بەتایبەت ژوورەکەی سیرۆز بۆنی ساردی نسرمێکی چڕی لێ دەهات، وەک ئەوەبوو خودی دیوارەکان خۆیان لە غەمێکی سەهۆڵینی بەستووی تۆکمە دروستکرابن. ئەو ڕووناکییە کزەی کە لە پەنجەرە بچووکەکەی ژوور سەریەوە دزەی دەکردە ناوەوە، بێجگە لە شەبەنگێکی لاواز هیچی تر نەبوو، ڕۆشناییەک بوو تا بڵێی لێڵ و تەڵخ، بەزەحمەت دڕی بە تاریکی ژوورەکە دەدا.

لەو تاریکییەدا سیرۆز لەسەر زەوییەکە و بە چیچکانەوە هەڵترووشکابوو، داڵغە بردبوویەوە و پشتی لە سەرێنێک بە دیوارەکەوە گیرکردبوو. دەستەکانی لەسەر هەردوو ئەژنۆی بە تێکئاڵاوی لەیەک گیرکردبوون. بەڕەنگ و ڕوودا بە گەنجێکی حەسرەتکێش دەچوو، بەڵام چۆن گەنجێک! لەڕ و لاواز و سەروڕیش هاتوو، پێدەچوو بەزۆر پەستان لەسەر یادگەی بکات هەتا شتێکی

بیربێتەوە، تەنانەت لەیادی نەمابوو خۆیشی ناوی چییە؟ نەیدەزانی! ئاخر هەموو شتێکی لەبیر چووبووەوە! لەسەر پەردە هەرە ناسکەکانی یادگەیدا بەدەر لە سیمای ژنێک و دیوار و ڕووی ناوەوەی دەرگەی ئاودەستخانەی مزگەوتەکانی شار، شتێکی دی لە یاد نەمابوو، بە لێشاو ڕووی دەرگە و دیوارەکانی دەهاتە بەرچاو کە لە بەردەمیدا قوت بووبوونەوە، بە وێنەیل ڕیزە دار لە دارستانێکی چڕدا بە ڕیز ڕیزکرابوون، لە ئەمبەر و ئەوبەرەوە سەرپەلی دارەکان لە یەکتری دابووەوە تونێلێکی درێژ و قووڵیان چێ کردبوو. هەموو دەرگەیەک کە بەڕووی شاڵاوی تاریکییەکی قووڵی ئەنگوستەچاودا دەکرانەوە و هەندێک جاریش ڕووەو ڕوونییەکی تەڵخ دەبوونەوە کە لە شیرێکی خەستی لێڵ دەچوو. هاوڕای ناڕوونی کەشەکە دەنگی چرپە و سرپە پەنهانییەکانی دەرگە و سێبەرەکان کە وەک تارماییەکانی ڕابوردووی هەموو شار دەردەکەتن و بزر دەبوون، تێنەدەگەیشت، سەری سوڕمابوو، بەڵام هەستی بە قورساییەکی خنکێنەر دەکرد، لەسەر سنگ و ناو گەروویدا پەنگی خواردبووەوە، لەو ساتەدا هیوای دەخواست لە پێستی خۆی بێتەدەر.

سەرجەم دەرگە و دیوارەکانی مزگەوتەکە لە تاریکاییەکی ئەنگوستەچاودا لەودیو بەربەستێکی بەستەڵەکی تەنکی لێڵ و تاریکەوە، دیقەتی ناوەوەی ئاودەستەکانیان دەدا، ئەوەی کە وای کردبوو سیرۆز ڕێی بکەوێتە نێو قووڵایی ئەم بەربەستە تاریکانەوە، لۆچە پێچاوپێچەکانی ئەندێشەی بڕیارەکانی ژیانی بوو، ڕاپێچی کردبووە ناو ئەم زوڵمەتەوە. دواجار لەو تاریکییەدا بوو نەخشونیگار و نووسینی یەکێک لەو دەرگەیانەی کە لە چاڵ و چۆڵییەکانی یادەوەریدا سەری کردبوو و بیری هێنابووەوە، نووسراوێکی سادەی لەسەر هەڵکۆڵرا بوو، هێند جوان نووسینەکانی نەخشێنرابوون کە بە ڕوونی و ڕەوانی دەخوێنرانەوە «ئەوەی لە ئێرەوە بچێتە ژوورەوە، ناوی خۆی لێ بەجێ دەمێنێت»، پاشان زۆر هەوڵی دا دەست بەو یادەوەرییەوە بگرێت و بەرەو ڕووی بڕوات، بەڵام هەر جارێک لەگەڵ ئەم چەشنە یادەوەرییانە نزیک دەکەوتەوە، بۆی دەبووە مایەی ورووژانی ئازارێکی تاقەت پڕووکێنی وەها کە بەرقئاسا لە تەپڵی سەریەوە تەی دەکرد و لەبنی پێیەوە دەردەچوو، هەروەها بەردەوام لەنێو کەشی تەمتوومانئاسادا ناوەکانی لێ ون دەبوو، هەر جارێک کە هەوڵی دەدا سەرەداوێکی یادەوەرییەکی بگرێت، داوەکەی لە نێوان پەنجەکانی دەستیدا هەڵدەنگوت و غەیب دەبوو. تەنیا یەک دەموچاو نەبێت کە پێ بە پێی دەرکەوتنی دیمەنی دەرگەکان لە یادگەیدا دەهات و دەچوو، سەرەتا کە دەردەکەوت بە وێنەیەکی لەرزۆک دەچوو، وردە وردە کاڵ دەبووەوە، دواتر دیسانەوە دەهاتەوە بەرچاوی، ئەو سیمایەش وێنەی دەموچاوی ئافرەتێک بوو لە خەیاڵیدا زەردەخەنەی بۆ دەکرد، بەڵام دیمەنی چاوەکانی تەماوی و ناڕوون بوو، وەک ئەوەی دووکەڵکێشێک دەموچاوەکەی هەڵلووشی بێت ئاوها سیمای شێوابوو، ناوەکەشی بە بەردەوامی لە گوێیدا دەزرنگایەوە "هەووورررییننننن.. هەورینی دەمبا.

سیرۆز دەیزانی کە ئەم وشانە مانای ناوێکی گرنگ و گەورەیە بۆی، بەڵام چ مانایەکی دەگەیاند؟ ئەویشی بیرنەدەکەوتەوە و نەیدەزانی چییە! بیری نەدەکەوتەوە داخۆ ئەو ناوە ناوی دایکی، یان خوشکییەتی، یان هاوڕێی، یان خۆشەویستی؟ یان لەوانەیە تەنیا یادەوەرییەکی ختوورەئاسای زوو تێپەڕبێت و بەهۆی ئەو وێنانەی کە بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر یادگەی. هەرکە چاوەکانی داخست و هەوڵی دا

بە هێواشی هەناسە بدات، لەو ساتەدا، دەرگەی ئاودەستەکانی مزگەوتی شاری بە ڕوونی بینی، هەر دەرگەیەک لە دەرگەکەی تر جیاواز بوو، دەرگەیەکی کۆنی داری درزبردووی گرێ گرێ بوو، ئەوی تریان دەرگەیەکی چینکۆ بوو کە بە بۆیەیەکی شینی کاڵەوەبووی پڕ لە ڕووشاوی و شوخت بوو، سێیەمیش نەخشی ژەنگاوی کاڵەوەبووی گرافیکئاسای سەیروسەمەرەی لەسەر بوو بەزەحمەت دەبینرا، بەڵام دوا دەرگە جیاواز بوو، لە کەرەسەیەکی کانزایی ڕەش دروست کرابوو، هەموو ڕووناکی دەورووبەری هەڵمژیبوو و نووسراوێکی بەڕووشان و قرنجاندنی دەمە دەڕنەفیزی لەسەر بوو کە نەیدەتوانی لەبیری بکات "هەموو دەرگەکردنەوەیەک نرخێکی تایبەت بە خۆی هەیە، نرخەکەی خوێنی خۆتە، خۆت!" هەر کاتێک ختوورەی ئەم جۆرە دەستەواژانە بە مێشکیدا تێدەپەڕین، سەرلەنوێ هەستی بە ئازارێکی توندی بەرگەنەگیراوی لە سەرتاپای بەدەنیدا دەکرد، لەسەرووەختێدا کە ئێوارە خەریک بوو ڕەشماڵە تاریکەکەی خۆی بەسەر شارەکەدا پەخش دەکرد، ژاوەژاو و هەراوزەنای کاسبکاران هەر بەردەوامی هەبوو، لەوەها کەشێکدا سیرۆز بەخۆی و کامێرە نیکۆنەکەیەوە لەسەرخۆ بەرەو تەوالێتەکانی مزگەوتی گەورەی شار هەنگاوی هەڵدێنا و گوێی بەهیچ شتێکی دیکە نەدەدا تەنیا ئەوە نەبێت بگاتە ئاودەستەکانی مزگەوتی شار، لەو جەنجاڵییەدا وەها دیار بوو تاکە دەنگ لەسەر ڕیتمی ترپەکانی دڵی گوێی لێ بێت، دەنگی هەنگاوەکانی خۆی بوو.

هەرکە گەیشتە بەردەم ڕاڕەوی ئاودەستەکان، دەرگەکان وەک ئەوەی پاسەوانی هەمیشەیی ئەو شوێنە بن دەستەونەزەر لە بەردەمیدا ڕاوەستابوون، نووسینەکانیان لەسەر دیوی ناوەوەی دەرگەی ئاودەستەکان هەڵگرتبوو. سیرۆزی سیاڕۆژ خۆی لەناو ئاودەستێکدا بینییەوە و بە هێواشی کامێراکەی بەرزکردەوە و «چچرررکک» یەکەمین وێنەی گرت، ئیتر لەو ساتەوە یەکەم هەنگاوی هەڵهێنایە نێو دنیایەکی ئێجگار پڕ چەرمەسەری و ئەشکەنجە و لێوانلێو لەڕازی ناکۆتای نووسین و نیگارەکان. دیواری بەرانبەر دەرگەکەش پڕ بوو لە حەرف و نووسینی خێرای هەلەقومەلەق و بێ سەرەوبەرە، هەندێکیان لە هەوڵی ناڕوونی و ناتەواوییاندا بە تابلۆی شێوازە نوێکانی هونەری وێنەکێشان دەچوون.

دیوی ناوەوەی دەرگەی ئاودەستەکان هەریەکێکیان بۆخۆی وەک ئەوەبوو چیرۆکێک بگێڕێتەوە، بەڵام بە ناڕوونی و ئاڵۆزی لە نەخشونیگار، بە زمانێکی ئەبستراکت و تەماشایەکی هەست بزوێن، واتە بە زمانێکی لاڵ و نیگایەکی خێچ چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە. سیرۆز تەنیا وێنەی دەرگەکانی نەدەگرت، ئاخر ئەو تارمایی بنیادەمانەی بەنێویاندا تێپەڕ بووبوون و ئەو دەستانەشی دەستیان لێدابوون، ئەو ڕۆحانەی کە ئاسەوارێکیان بەجێهێشتبوو، بەبێ ئەوەی بزانن نیشانەیەک بەجێ دەهێڵن، وێنەی هەموو ئەو وێناندنانەشی دەگرت.

یەکەم دەرگە کە لێی نزیک بووەوە لە دارێکی کۆن دروستکرابوو، پڕ بوو لە هێڵی پچڕ پچڕی ورد و هەندێک ژمارەی لەسەر هەڵکەنرابوون، پێدەچوو ژمارەی تەلەفۆنی ماڵان و ڕێکەوتی لەدایکبوون بن، یەکێکی دی لە ژمارەکان، لە تۆمارکردنی مێژوویەکی دێرین دەچوو، تەنیا لە سەرووی نیگاری شێوەئاسای جێ دەستێکەوە، نووسراوێکی قووڵی سەرنجڕاکێش هەبوو لەسەری نووسرابوو «هەرکەسێک بێتە ئێرەو زەین و دڵ بداتە نووسین و نیگارەکان، هەرگیز وەک خۆی لێ نایەتەوە.». نووسینەکە وەک پەیامێکی شاراوە دەهاتە بەرچاو و خوێنەری دەدواند.

کاتێک سیرۆز خەریکی وێنە گرتن بوو، هەستی بە سووڕانی عەدەسەی کامێراکەی کرد، بەلایەوە ئاسایی نەبوو، بۆیە هەڵوەستەیەکی کرد و کەمێک خەریکی ڕێکخستنی دوگمەکانی پێشەوەی کامێراکەی بوو، دەرگە کانزاییە ڕەشەکەش هەمان بێدەنگی ئەوانی تری لێ نیشتبوو، ڕووی دیوارەکەی بەرانبەر دەرگەکە بە جۆرێکی وەها لێی نزیک بووەوە، تێبینی ئەوەی کرد کە خاڵ و پنتە بچووکەکان زۆر ورد هەڵکەنراون. خاڵەکان شتێکیان پێکهێنابوو کە لە نیگاری نەخشەی ناو ئەتڵەس دەچوو، کەچی بەهیچ نووسینێک ئاماژەی بە نەخشەی شوێنێکی دیارکراو نەدەکرد! تەنیا ئەمەی لەسەر نووسرابوو «دەرووی هەناوی ڕاستی، بەگەڕان ناکرێتەوە، بەڵکوو دەبێت بدۆزرێتەوە.» دیمەنەکە ئاسایی دەهاتە بەرچاو، بەڵام سیرۆز هەستی دەکرد ئەم دەرگەیە شتێکی جیاوازی لەخۆگرتووە، لە دوای چەندان لێکدانەوە وێنەیەکی ئەویشی گرت. کاتێک لەدوای شۆردنەوەی وێنەکە، بە وردی سەیری کرد، تێبینی ئەوەی کرد کە ڕەنگدانەوەکە شێوەیەکی دروست کردووە کە لە چاوێکی چاودێریکەر دەچێت.

دەرگە و دیوارەکان لە ساتەوەختی وێنەگرتنیاندا بە تەنیا شوێنێک نەبوون بۆ هەڵگرتنی شتگەلێکی پەنهان و بەس، بەڵکوو ئەوان وەک ڕۆحی بەستوو وابوون و ماوەیەک بوو چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کەسێک ڕەنگ و بۆیان بۆ بگەڕێنێتەوە تا نووسراو و نیگارە ڕەمزییەکانی بخوێنێتەوە، دواتر کاتێک سیرۆز سەیری کۆی وێنە شۆراوەکانی کرد، هەستی بەوە کرد هەر وێنەیەک بۆخۆی هەڵگری شتگەلێکی زیاتر بوون کە لە وێنە ڕاستەقینەکەی سەر هەریەک لە ڕووبەرەکانی دیوار و دەرگەکاندا نەدەبینرا.

بێدەنگی لە هەموو شتێکدا ئامادەبوونی خۆی ڕادەگەیاند، بەڵام بێدەنگییەکە بێدەنگییەکی بەتاڵ نەبوو لە دەنگ، بەڵکوو پڕ بوو لە دەنگی نەبیستراو، بێدەنگی گوێ گرتن و بێدەنگی تێگەیشتن و تێفکرین و یادەوەری شوێنە نادیارەکان و چرپەی شتە نەگوتراوەکان، بێدەنگییەکی لێوانلێو لە دەنگی زەمەنە بەسەرچووەکان بوو.

سیرۆز هەستی دەکرد کە ئەم شەو ناوازەیە، شەوێکی تاقانە و جیاوازە، وەک ئەوەی نهێنییەکی لەخۆگرتبێت و چاوەڕێی ئاشکرابوونی بکات، دڵی بە نەزمێکی جیاواز لە جاران لێی دەدا، ئەویش بەهۆی ئەو هەستە ناوازەیەی کە سرووشەکان ڕێژنەیان بەسەریدا دەکرد بەبێ ئەوەی درک بەوە بکات چۆن چۆنی و بە چ ڕێگەیەک دادەبارین.

هەموو شتێک لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە چاوەکانی کەوتنە سەر وێنە شۆراوەکانی دەرگە کانزاییەکە، ئەم وێنەیەش تەنیا وێنەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو شتێکی زۆر ناوازەتر لە فۆتۆیەک بوو لە ناو دەستیدا خۆی پێشان دەدا، شتێک کە تەنیا کاتێک دەردەکەوت کە بۆ ماوەیەکی زۆر تێیڕابمێنیت «ئیتر دەرگەکان تەنیا دەرگە نین»، لەبەر خۆیەوە بە بۆڵەبۆڵ ئەمەی گوت و قەڵەمەکەی هەڵگرت و دەستی بە نووسین کرد، وشەکان وەک ئەوەی پێش بیرکردنەوەکانی بکەون و لە دەمی بێنە دەرەوە، لە وێنە و شەقڵی سۆناتادا دەردەچوون و بەدوای خۆیاندا دنیایەک هەست و سۆزیان بەسەر کاغەزە سپییەکاندا هەڵدەڕشت، ئەگەرچی ڕستەی یەکەم سادە بوو، بەڵام قووڵاییەکی بەرینی ئاڵۆزی هەڵگرتبوو «هەموو دەرگەیەک دەنگێکی نەبیستراو و بێدەنگییەکی لێڵی هەڵگرتووە.». لەسەروەختی ئەم ساتە ناوازانەی بارینی سرووشەکاندا بوو بیرۆکەی نامیلکە وێنەدارەکە گەڵاڵە بوو و بە خەیاڵیدا هات کە هەموو فۆتۆکانی ناو ئاودەستەکانی گرتبوونی لە نامیلکەیەکی وێنەداردا چاپ بکات، ئیتر نامیلکەکە بوو بە تاکە پرۆژەیەکی سەرەکی سیرۆز وەک کۆنسێپتێکی داهێنەرانەی فۆتۆیی، شێوازێکی نوێی هونەری دەیبینی و تاکە پرۆژەی

داهێنەرانەی بوو کە بە ژیانەوەی دەبەستەوە، شتێک کە لەو ڕێگەیەوە دەیویست لەلایەک کارێکی نەکردە و داهێنەرانە بکات، لەلایەکی ترەوە لەو ڕێگەیەوە ئەو نووسراو و نیگارانە بۆ سەرجەم خەڵکی شار ئاشکرا بکات، بڵاویان بکاتەوە، بەڵام ئەمە تەنیا وێنەی نیگارەکان نەبوو، بەڵکوو بە کۆمەکی وشەکان چینێکی نوێی هەست و سۆز مانایان بۆ وێنەکان زیاد دەکرد، کە وەهای دەکرد بزانیت چ کۆد و ئایدیایەک لە پشت نیگارەکانەوە هەن.

سیرۆز سوور دەیزانی ئەو نامیلکە وێنەییەی کە بڕیارە بڵاوی بکاتەوە، بە تەنیا فۆتۆگەلێکی هونەرییانەی دەرگە و دیوار نابێت و بەس. باسی ئەو کەسانە دەبێت کە لە پشت هەر نیگار و ڕستەیەکییەوە هەوڵ دەدەن شتێک لە جیهانێکی پڕ لە بێدەنگیدا بەجێ بهێڵن و ناوهێنان و ناوزڕاندنی خانمگەلێکی خێزانی کیباری دەسەڵاتدارانی شار بوو. کە وەک تابۆیەک وابوون، پێشتر کەس نەیدەتوانی توخنیان بکەوێت. ئابڕووی کەسانێکی کاربەدەستی دەسترۆیشتووی شاریان دەبرد کە هەموو کەس دەیانناسین. جاروبار ماوەیەکی زۆر لەخۆڕادەما و هەموو ئەو هەست و سۆزانەی بەبیری خۆی دەهێنایەوە کە لە ساتەکانی هەریەک لە وێنەگرتنەکاندا درکی پێ کردبوو، دەمودەست لەپشتی هەریەک لە وێنەکان لەسەری دەنووسین و بۆ هەر وێنەیەک چەندان ڕوونکردنەوەی دەکرد. دواتر لە نامیلکەکەدا لەتەک هەر وێنەیەکدا ئەو سەرنج و ڕوونکردنەوانەی دەنووسی و بۆ هەر وێنەیەک چیرۆکێکی دەگێڕایەوە. کاتێک دوای تەواوبوونی، سەیری کۆی نامیلکەکەی کرد، هەستی کرد کە تەنیا پێوەندی بە دەرگە و دیوارەکانەوە نییە. باسی کۆی ڕەهەندە دیار و نادیارەکانی شارەکە بوو، باسی ئەو خەونانەی لە پشت تارماییەکانی ڕابوردووی شارەوە شاررابوونەوە.

دوای چێکردنی هەموو نووسینەکان، بڕیاری دا لاپەڕەی یەکەم بۆ نامیلکەکە تەرخان بکات کە پەیامی ڕاستگۆیی و ئەستۆپاکی خۆی بۆ خۆی و خەڵکی بسەلمێنێت، بۆیە لە گۆشەی لای ڕاستی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکراوەکەدا نووسی «بینەری ئازیز، خوێنەری خۆشەویست، من نەمتوانی وێنەی ئەم نووسراوانە نەگرم و نەیان نووسمەوە، بەڵام تۆی بینەر ناچار نیت نووسراوی ناو ئەم وێنانە سەیر بکەیت و بیانخوێنیتەوە".

ئەو شەوەی کە پەرجووەکە ڕووی دا ناو زیندانەکە زۆر لەوەی کە سیرۆز دەیبینی و خەیاڵی دەکرد تاریکتر بوو، ئەمشەو بە تەواوی خۆی بە تاک و تەنیا دەبینی و گوێی بۆ لێدانەکانی دڵی خۆی شل کردبوو، کەچی لە پڕ لە تەنیشتیدا سووسەی شتێکی نامۆی کرد، هەستی بە دەنگی نەرمی هەناسەکانی بنیادەمێکی دیکە دەکرد، ئەویش لەگەڵ ڕیتمی بەشێک لەم بێدەنگییە سەرسامکەرە قورسەی ناو زیندان هاوڕا بوو. نەیدەزانی لەگەڵ چ بایەکی وەشتدا هەورینی دەمبا، هاتووەتە لای لێرە لە نزیکییەوە بە هێمنی لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو، پشتی بە دیوارەکەوە دابوو، نیگا تیژەکانی بڕیبووە سەر خاڵێکی نادیاری ناو بۆشاییە تەمگرتووە خۆڵەمێشییەکەی بەردەمی. دواتر سیرۆز کە زانی لە ژوورەکەدا تەنیا نییە و پەرجووی سیمای هەورینی بەدی کرد، لەگەڵ یەکەم نیگاو تەماشای سیمای سیحراوی ناسینەوەی هەورینی خۆشەویستیدا، بەدوایدا دەرگەی یادگەی بۆ کەوتە سەرپشت، سەرتاپا یادوەرییەکانی بۆ گەڕایەوەو وەک ئەوەی دەنگی چاوەڕێی دەرکەوتنی ساتێکی گونجاو بێت، چون لەتەک هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی دێرینیدا بێت، وا ئاخافت «پێم وا نەبوو دەیگەیەنینە ئێرە.. ئایا بڵاوکردنەوەی وێنە و نووسراوەکان شایەنی ئەم هەموو نەهامەتییانە بوو کە بەسەرمان هات؟»،

هەورین لەگەڵ ئەوەی بیست بە چاوی کراوەو بەسەرسامی ڕووی لە سیرۆز کرد کە وەهای دەنواند شتێک لە دەرەوەی زەمەنی ئێستاوە دەبینێ و بە دەنگێکی ئارام و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە وەڵامی دایەوە: «سیرۆز گیان ئەوەی تۆ کردت تەنیا بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکی وێنەدار نەبوو، وێنە و وشەکانی نامیلکەکە شتگەلێکن هێند بە قووڵی بە ڕۆحی ئەم شارەدا ڕۆچوون، بۆ هەتاهەتایی لە ویژدانی زیندووی یەک بەیەکی خەڵکی شاردا دەمێنێتەوە»

سیرۆز، وەک ئەوەی لەگەڵ دیوارەکانی دەوروبەری قسە بکات، وتی «سەیروسەمەرە لەوەدایە! کە من سەرەتا نامیلکەکەم وەک خولیایەکی تایبەت بۆ خۆم چێکرد و هەوڵم دەدا لەم شوێنانەی شار تێبگەم کە وەک ناخودئاگای دەستەجەمعی هەمووان وابوو، دەمویست بچمە نێو ڕوحی حەرف بە حەرفیانەوە لەڕێی وێنەگرتنیانەوە لەو دەرگە و دیوارانە تێبگەم، وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێم کە پێشتر لەدەستم دابێت»، هەورین سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبارەی تێیدا بوو، کەمێک پێکەنی گوتی؛ «هەروەک چۆن تۆ بەدوای ئەوەدا دەگەڕایت، کە پێشتر لە دەستت دابوو، ئەوانیش بەدوای تۆدا دەگەڕان!»

لە دەرەوەی زیندان بە خێراییەکی بەرچاو گۆشە و سووچێکی شارەکە نەمابوو دیمەنێک لە وێنەکانی نامیلکەکەی سیرۆزی لەسەر دروست نەکرابێت. دیوارێکیش نەمابوو نووسراوێکی لەسەر نەبێت لە نووسراوەکانی ناوی. شار چون تابلۆیەکی ئاڵۆزی بەیەکداچوو لە ڕەنگ و هێڵە سەرکەشەکان و تێکەڵاوی هەریەک لە سێبەر و ڕووناکی و ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی لێ هاتبوو، هەرچی چیرۆک و نیگارەکان هەبوون بووبوونە بەشێکی دانەبڕاوی نامیلکەکە، بوو بوون بە پێشبینییەکی زیندوو کە لە سەرجەم کایە و ڕەهەندە بێشومارەکاندا قسەیان لەبارەوە دەکرا. بە شێوەیەکی هێند خێرا و بەپەلە لەشاردا بڵاو بووەوە کە هیچ غەیبزان و نووسین دۆز و ڕمڵ لێدەرێک پەییان پێ نەبردبوو.

شەوێک لە کاتێکدا زیندانەکە لە بێدەنگی خۆیدا دەژیا سیرۆز ڕووی کردە هەورین و وتی، «تۆش پێت وانییە کە دەبوایە هەر ئەم کارە بکەین!».

هەورین زەردەخەنەی کەوتە سەرلێو و بە تیلەی چاو نیگایەکی گرتە دیوارەکەی پەنای، لە وەڵامدا گوتی، «ئاخر چۆن بمانتوانیایە دنیا بکەینە شووشەبەندێک تەنیا جێگەی دوو دڵی تێدا بێتەوە».

شەوانە شار هەر شەوەو لەگەڵ هاتنی کزەی سروە و تاریکییەکەیدا هەواڵێکی نوێی نامیلکەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا، ئیتر لە هۆدەکانی تری زیندانەوە بووبێت، یان لەلایەن نووسین دۆزەکانی سەر دیوارەکانی شار دەردەکەوتن، بەخێرایی دەنگۆکەی دەگەیشتە هەمووان. ئەو دەمانە هەموو شتێک ئاماژەی بەوە دەکرد کە سیرۆزی سیارۆژ و هەورینی دەمبا تەنیا نین. ئەو نامیلکە وێنەدارەی بڵاویان کردبووەوە تا دەهات ناوی ئەوانی گەورەتر و بەناوبانگتر دەکرد. هەر لەو زیندانەی کە هەردووکیان تێیدا زیندانی بوون، شەوێک کە تریفەی مانگ بە شێوەیەکی نائاسایی دەدرەوشایەوە، هەموو ئەوانەی لەوێ بوون بە پاسەوان و زیندانییانەوە گوێیان لە دەنگێکی ئاسمانی تەلیسماوی سەیر بوو! دەنگەکە لە هەناوی تارماییەکانی ڕابوردووی سەر دەرگە و دیوارەکانەوە لە نێو وێنە و حەرفە نادیارەکانەوە دەهاتەدەر، وەک ئاوازێک کە بەکزی دەتژنەڤت، هەورین لەکاتێکدا گوێی لێ دەگرت، لەپڕدا هاتە قسە و بە سیرۆزی گوت «گوێت لێیە سیرۆز؟ ئەو وێنە و وشانەی بڵاوت کردنەوە بوونەتە مارشی سەرلەبەری هەمووان، نامیلکەکە بووەتە ویردی سەر زمانی یەک بەیەکی شارەکەمان».